KURDISTAN NET كوردستان نێت

# سەمايەک بۆ ئەويين

پۆلا سەعيد

بەهارێکە ئەويينت گوڵی
بەرئێخە و سنگی بوونمە،
بەهارێکە ناوت خۆری هەڵهاتووی تەمەنم و
پەلکەزێڕینەی دوای بارانی
پەخشان و شیعرمە،
وەرە گوڵم
لە جەژنی یەکەم بەهار دا
سەمایەک بۆ ئەويين بکەين
دەست لە ملانێی بەستە و شيعر
لە بەرهەيوانی ئێوارانی ئەخۆل و گۆران دا
چرايەک بۆ دڵمان هەڵبکەين،
بەهارێکە گوڵم
بوويتە شەمی هەڵکراوی ماڵی چۆڵ و
خەم لێنيشتووی دڵم،
فەرهەنگێک بوويت لە لەنجەی فڕيينی پەروانە و هەنگ
بۆيە وەک گەردانە کردميتە ملم،
تاڵێک لە پرچی زێڕيينی ديوانی ناليی بوويت

له هەرکویَ بایت چراخان بوو هەوارت
وەرزی میهر و پەڵەی بەهارێکی پڕ گوڵوگوڵزار بوویت
شەکر دەباریی لە دەم و زارت،
بەهارێکە کۆرپەی ئەم حەزە
لە بێشەی ئەم دڵە نەسرەوتووەمدا ڕادەژێنم
وەک مەلی کۆچەریی ساڵ
سەمای ئەوینێک لە کوێستانی تەمەنمەوە
بۆ گەرمێنی دڵت دێنم،

02.06.04

KURDISTAN NET کوردستان نێت